# وێنەی گەورە... ئاوێنەی بچووک

**پەرتەو نادری**
**لە فارسییەوە: دلاوەر قەرەداغی**
**(سلێمانی)**

دایکم لە قەبیلەی سەوزی نەجابەت بوو
بە زوبانی خەڵکی بەهەشت دەپەیڤی
سەرپۆشێکی لە ئاوریشمی ئیمان بە سەرەوە بوو
دڵی هەر دەتگوت عەرشی خودایە،
کە هێندەی حەقیقەتی خودا گەورە بوو
من دەنگی خودام
لە ترپەی دڵی ئەودا دەبیست
بەبێ ئەوەی کەس بزانێ
خودا لە ماڵی ئێمە بوو
بەبێ ئەوەی کەس بزانێ
هەتاو لە خۆرهەڵاتی دەنگی دایکی منەوە
هەڵدەهات

***

دایکم لە قەبیلەی سەوزی نەجابەت بوو
دایکم کاتێ بەرەو لام دەهات
لە جێگەپێی بچووکی هەر هەنگاوێکیدا
کڵاورۆژنەیەکی گچکە دەردەکەوت،
کە من لێیەوە
تەماشای باخە سەوزەکانی بەهەشتم دەکرد
سێوی بەختەوەری خۆمم
لە پەلکە بەرزەکانی دەکردەوە

***

دایکم لە قەبیلەی سەوزی نەجابەت بوو
سەرپۆشێکی لە ئاوریشمی ئیمان بە سەرەوە بوو
نێوچەوانی هەر دەتگوت یەکەمین بەیتی عاشقانەترین
غەزەلی خودایە
کە من هەر ڕۆژێک ئەو غەزەلەم
بە چپە بە زوبانی سۆز دەگوتەوە
ئەو کات بە تەواوی باوەڕم بۆم دەردەکەوت
کە شیعری خودا، یانی چی؟

***



دایکم لە قەبیلەی سەوزی نەجابەت بوو
بە زوبانی خەڵکی بەهەشت قسانی دەکرد
سەبر، کۆترێکی سپی بوو
کە هەموو بەیانییەک
پەڕە جوانەکانی
لە ڕوونترین سەرچاوەی کانییەکانی بەهەشت
وەک پەیکێک لە زێدی پیرۆزی قورئانەوە دەهات
پەیامی خودای بۆ دایکی من دەخوێندەوە
***
دایکم لە قەبیلەی سەوزی نەجابەت بوو
سەجەرەی نەسەبی مێژوویەکی هەیە کە تەنیا
لە زەینی هەتاودا جێی دەبێتەوە
من بە هەتاودا دەزانم
کاتێ دایکم چاوی بە دنیادا هەڵێناوە
باوکی لە گوڵخانەکانی هەژاریدا
چرای پرسەی بۆ کەوتنی سپیداری
قامەتی خۆی هەڵدەکرد
من بە هەتاودا دەزانم
کە دایکم بە درێژایی ژیانی
لە گەڕان بە دوای وشەی زەردەخەنەدا
بە قامکێک لە قەداسەت و ئیمان
کتێبی ژیانی خۆی پەڕەپەڕە دەکرد
بەڵام ئەفسووس
تا دوایین چرکەی ژیانیشی
نەیتوانی واتای زەردەخەنەی شادمانی
ئەزبەر بکا
***
دایکم ئاشنای گریان بوو
دایکم لە چاوگی گریان، هەزاران وشەی تری هەڵدەگۆزی
دایکم بە هەزار زوبان
واتای تاڵی گریانی
بە زەینی تاریکی چاوانی خۆی دەسپارد
چاوانی دایکم
– ئاوێنەکانی تەجەللای خودا –
خاوەن زەینێکی تیژ بوون
***
دایکم بە بەهار بێگانە بوو
ژیانی دایکم ڕێگەیەک بوو بەپێی مێرووله،
کە بە بەردەڵانی گەورەی بەدبەختیدا تێدەپەڕی

هەر چوار وەرزەی ساڵ
هەوری ڕەشی سووکایەتی و جنێو
بارانی بە سەردا دەباراند
دایکم هەموو ڕۆژێ لەوێ
کۆش کۆش گوڵی بەدبەختی دەچنی
***
دایکم سەنگی سەبوور(١) بوو
کاتێ باوکم
کەشتی ئەندێشەی چارۆکەی هەڵدەداو
بە زەریای سووری تووڕەییدا دەکەوتە ڕێ
دایکم پەنای بۆ کەناری ئارامی دەبرد
فرمێسکەکانی بە چمکی سەرپۆشەکەی(٢) دەسڕی و
پێوەندی بە خوداوە دەگرت
***
باوکم پیاوێکی سەیر بوو
کاتێ مێزەری غرووری لە سەر دەبەست
پێی وا بوو هەتاو
کۆترێکی سپییە
لە سەر شانە بەرزەکانی ئەوەوە دەفڕێ
وای دەزانی دەتوانێ بە کۆبۆن ڕووناکی
بداتە دایکم
وای دەزانی مانگ، مووروویەکی ڕەنگاوڕەنگە
دەتوانێ بە یاڵی ئەسپە زەردەکەیەوە هەڵیواسێ
***
باوکم پیاوێکی سەیر بوو
کاتێ بانگی دەکردم بچم بۆ لای
لە چەند هەنگاوێکی دەوروبەری خۆمدا
کارەساتم دەبینی
وشەکان – چۆلەکەی زەندەقچوو بوون –
کە لە باخچە خەزاناوییەکانی زەینم کۆچیان دەکرد
ترس دەمامکێکی چڵکن بوو
کە ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆمی لێ زەوت دەکردم
باوکم کاتێ بانگی دەکردم
خوێنی قسەکردن لە دەمارە سوورەکانی دەممدا، لە
جووڵە دەکەوت
لەو کاتەدا دڵی دایکم
– بلوورێکی ڕووناک بوو –
لە قووڵایی دۆڵێکی تاریکدا ئازاد دەبوو
دایکم لە ئاوێنەی شکاوی پەشۆکاندا

لە وێرانیی خۆی دەنۆڕی و
دەستی لە سەر دڵی بوو
کە شتێک ڕوو دەدا

***

باوکم پیاوێکی سەیر بوو
کاتێ مێزەری غرووری لە سەر دەبەست
لە چوار دیواری بچووکی ماڵەکەماندا
ئیمپراتۆرییەتە بچووکەکەی دەستی پێ دەکرد
ئەو کات بە قامچی دەکەوتە
لێدانی ئازادی، کە من بووم و
ژیان کە دایکم بوو
بە زنجیر دەیبەستینەوە
ڕوحی شاد دایکم
کە بەو حاڵەیشەوە شوکری خودای دەکرد و
لە بارەی باوکمەوە دەیگوت:
"خودا، سێبەرەکەمان بە ژوور سەرەوە بهێڵێت!"[1]

**کابول ١٩٨٩**

*** پەرتەو نادری شاعیری ئەفغانی، لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٢)ە لە ویلایەتی بەدخشانی ئەفغانستان. خوێندنی زانکۆی کابولی لە بواری کیمیا و جیۆلۆجیدا تەواو کردووە. لە هاتنی (تاڵیبان)دا ئاوارەی شاری پیشاوەری پاکستان دەبێ و لەوێ نیشتەجێ دەبێ.**

**لە بەرهەمە شیعرییەکانی «قفڵێک بە دەرگەی خۆڵەمێشەوە»، «ئەودیوی شەپۆلەکانی وەنەوشە»، «وێنەی گەورە، ئاوێنەی بچووک»، «لەحزە قورقوشمینەکانی گوللەباران»، «شیعری نەگوتراوی من»، «دەمی خوێناوی ئازادی»، «بە یەکەمین هەنگاوەکان»، «گوندی بێ کازیوە»، «سوێندێ بۆ ڕەز».**

**پەراوێز:**

**١- سەنگی سەبوور: بەردێکی گەورە و جێگیر، بەردێکی ئەفسانەیی کە خەڵک غەم و ئازار و دەردی دڵی خۆیانی بۆ دەگێڕنەوە.**

**٢- لە شیعرەکەدا چادر بەکارهاتووە کە واتای عەبا، یان چارشێو دەگەیەنێ، من لە بری ئەوە سەرپۆشم بەکارهێناوە.**

**سەرچاوە:**

**تصویر بزرگ، آیینه کوچک، پرتو نادری، ناسر: کتابخانه آرش، پشاور- پاکستان، چاپ ١٣٧٩.**